# بەدرێژایی تەمەنم



دەریا ڕەواندزی

1
گەر تۆم
لەخۆم خۆشتر دەوێ
بمبەخشە
چونکە
لەوەتەی تۆم خۆش دەوێ
لەم ژیانە بەبونی تۆ...
هەناسە دەدەم!.
2
گەر تەنها تۆ...
چرای رووناکی،
ژیانم بیت
بمبەخشە
دەزانم بێ تۆ...
چرای ژینم دەکوژێتەوە
خۆری هیوا
بۆ هەتایە
رۆشنایم پێناداتەوە!.
3
گەر تۆ...
تێکەڵ بە شا دەمارەکانی
خوێنم بیت
بمبەخشە
تۆ نەبی...
لەهەر چرکەیەك بێ
کۆتایی دێ
بەو دڵەی تۆی لێ دوور بێ
لەبوونی تۆ...
هەست بە بوونی خۆم دەکەم!.

4
گەر شەوان ئەستێرەكان
دەژمێرم
بمبەخشە
بەدرێژایی تەمەنم
هەر تۆ ئەستێرەی بەخت و
رۆشنایی ئاسمانی دڵمی
لەنێوانی خۆم خۆتدا
عەشقێكی سەرەڕۆم!.
5
گەر شارێك پڕ دەكەم
لەگوڵ
مانای ئەوە نییە
گوڵ هەبێ
جوانتر بێ
لەتۆی من
بۆن خۆشتر بێ
لەو ئەوینەی تۆ بۆ من
بمبەخشە
نیگایەكی تۆ...
هەموو گوڵی دنیا دێنێ
بۆ منێكی عاشق بە تۆ...!
6
گەر بەیادی تۆوە
شەوان چاو دادەخەم و
خەون بەتۆوە دەبینم
بمبەخشە
زۆر شەو بووە
بەبێ ئیزنی تۆ
لەئامێزم خەوتوی
چەند دڵ گەرمی
ئازیزی دڵ
وەك پەروانەی
لەگوڵی خەیالمدا
شیلەی عیشقم
هەڵدەمژی!.
7
گەر دوور بی
هەر لەدڵما بوونت هەیە
كە باران تەڕیشم بكات

وشکم.. وشک
بەلاتەوە سەیر نەبێ
خەیاڵم کردووی بە چەتر
چۆن جەستەم تەڕ دەبێ
کە تۆ...
لەناخەوە بمسوتێنی!.
8
گەر بۆ دووری تۆ...
فرمێسك دەڕێژم
بمبەخشە
نازانی دووری تۆ...
زامێکی سارێژ نەکراوەو
وەك هەناسەم
نزیکم دەکاتەوە
لەمەرگێکی بێ تۆیی!.
9
گەر بۆت دەمرم و
زیندوو دەبمەوە
بمبەخشە
دڵم بەعیشقی تۆ
چرۆ ئەکا
ئەی پێنجەمین وەرز
بۆ من-ێکی عاشق بە تۆ
بۆ ناگونجێی
لە رۆژمێری ئەم حەزەدا
بۆ هەتایە وەرزێك بی
بەتەنها بۆ من
کەس دەستی پێت نەگات و
هەر بەتەنها بۆ من بی!.

کەنەدا
دەریا رەواندزی